بکوژەکەی "ئوم زەکی" خزمەتکارەکەیەتی؛ دەستگیرکرا



دەسەڵاتدارانی ئاسایشی سوریا ئەمشەو پێنجشەممە دەستگیرکردنی خزمەتکاری هونەرمەند هودا شەعراوی ناسراو بە (ئوم زەکی)یان راگەیاند و لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بەئەنجامدانی تاوانەکەیدا ناوە.

عەمید ئوسامە عاتیکە بەڕپرسی ئاسایشی ناوخۆی دیمەشق ڕایگەیاندوە، "ئەمڕۆ لەئەنجامی هەڕشکردنەسەر هودا شەعراوی بەچەقۆ لە شوقەکەیدا لە دیمەشقی پایتەخت گیانی لەدەستداوە، لەئێستاشدا تەرمەکەی گواستراوەتەوە بۆ بەشی پزیشکی دادوەری بەمەبەستی ئەنجامدانی توکارى".

ونیکردەوە، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان "گومانیان لەسەر خزمەتکاری هودا شەعراوی کە ناوی فیکی ئەجوکە و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئۆگاندایە، دوای تاوانەکەش ماڵەکەی بەجێهێشتوە، دوای چاودێریکردنیشی، هێزە ئەمنیەکان توانیویانە دەستگیری بکەن و لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا دانی بەتاوانەکەیدا ناوە".

عەمید ئوسامە عاتیکە ئەوەشیخستەڕو، لێکۆڵینەوەکان هێشتا بەردەوامن بۆ ئاشکراکردنی

پاڵنەڕ و بارودۆخی تەواوی تاوانەکە، وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵوانەکردنی دەسیەکە بۆ دەسەڵاتی دادوەری کارامە.

پێشتر سەرچاوەیەکی ئەمنی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا رایگەیاندبو، هونەرمەندی سوری هودا شەعراوی کە ناسراوە بە (ئوم زەکی) لەماڵەکەی خێیدا بەکوژراوی دۆزراوەتەوە.

خانمە ئەکتەر هودا شەعراوی لە 28ی (تشرینی یەکەم/12)ی ساڵی 1938 لە گەڵەکی شاغور لە دیمەشق لەدایکبوە و بە یەک لە ئەکتەرە لێهاتوەکانی درامای سوریا دادەنرێت و لە درامای باب الحارە ڕۆڵی (ئوم زەکی) بینی و بەو ناوەوە زیاتر ناسرا.